ڕاپۆرتێک ئاشکرای کردووە کە لە سەدا پێنجای دانیشتوانی کەمپی هەل لەوانەیە ببنە چەکداری داعش

نوسینگەی دژە تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتەکدا ئاشکرای کردووە کە لە سەدا پێنجای دانیشتوانی کەمپی هەل لەوانەیە ببنە چەکداری داعش.

ڕاپۆرتی نیمچە ساڵانەی دژە تیرۆری ئەمریکا دەریخستووە کە منداڵانی خوار تەمەن 12 ساڵ لە کەمپی هەل لە داهاتوودا دەبنە چەکداری داعش و بەپێی ڕاپۆرتەکە، 14 وەلات لەمساڵدا زیاتر لە 3500 هاوڵاتی خێیان لە کەمپی هەلەوە گەڕاونەتەوە وڵاتەکەیان، لەکاتێکدا لە ساڵی 2022 دا 13 وەلات 3000 هاوڵاتی خێیان لە کەمپەکەوە گەڕاونەتەوە.

بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت، نزیکەی نە هەزار ئەندامی پێشووی داعش هەشتا لە زیندانی هێزەکانی سوریای دیموکراتدان و ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەندامانی پێشووی داعش هەڕەشەن بە سەر ئاسایشی ناوچەکە و دەبەت بگەنرەنەوە.

کەمپی هەل دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای حەسەکە لە سوریا و نزیکەی پێنجا هەزار سوری و عێراقی و زیاتر لە 10 هەزار بیانی لە شەست وڵاتی دیکەوە لێخە دەگرێت کە گشتیان زیندانیانی داعشن.